## ئەگەرهاتی.... هێمن رەئوف

ئەگەر هاتی
وەک بارانێك لەپایزدا
لێم ببارە
تەپوتۆزی
سەر درەختە بێ گەڵاکان
ڕابماڵە
ئەگەرهاتی
بەهێوشی لەسەر کەناری
ئەم دڵەم
لەنگەر بگرە
نەکا لەقوڵایی دڵما
بزر ببی
ئەگەر وون بویت
هیچ کەس نیە
هانا بۆ ڕزگاربوون بەریت
چونکە دڵم
زەریایەکە
لە خۆشەویستی ودڵداری
بەهەشتێکە
لەئێواران و لە جوانی

hemnrauf@hotmail. com ، ، ،16. 09. 2005